# سڵاو لەخوێندکاران

Faraidun_73@hotmail.com
فەرەیدون حەمەڕەشید سویسرا

گەرموگوڕی خەبات وناڕەزایەتی خوێندکاران لەهەر وولاتێکی جیهاندا لەهەرسات وکاتێکی ئاسایی وناسایی دا,ڕەنگدانەوەی هووشیاری خوێندکارانە بەدرککردن بەماف و ئەرکەکانی سەرشانیان وەك توێژی کاراو دواڕۆژی کۆمەڵگا,,لەکۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لەساتەوەختی شۆڕشی نوێ و هەڵگیرسانەوەی بزوتنەوەی ئاوادیخوازیمان زانکۆی سلێمانی بووە مەکۆی شۆڕش ,خوێندکارانی بەهووشیاری نەتەوایەتی وچینایەتی وگیانی شۆڕشگێڕانە بۆ شۆڕش وشاخ گۆش دەکرد,تازۆر هات بۆڕژێمی درندەی بەعس بەداخستن وگوێزانەوەی زانکۆ لەشاری سلێمانی,لەچواردەساڵی دوای ڕپەڕین گلەیی وقسەکردن لەلایەن ڕوناکبیران و پەرۆشانی دیموکراسی لەسەرخوێندکارانی کوردستان وترا وە, بەوەی بوونیان وەك بزووتنەوەی خوێندکاران وهەڵوێستەیان وەك پێویست لەسەر مەسەلەسیاسی وژیاری یەکانی کوردستان نیشان نەداوە,بەڵام خۆپیێشاندانە بەردەوامەکانی ئەم چەندهەفتەیەی خوێندکاران بۆهەڵوێستەکردن لەسەر زانکۆی ئایندەو ووردەکاریەکانی, نوێبوونەوەی گڕوتینی خەباتی خوێندکارانە لەکوردستان وەك مافێکی ڕەوایئازادی وڕادەربڕین کەئەکرێ ببێتە یەکەم ڕچەشکێنی سەرەڕێی دیموکراسی,بەدەمەوەچوونی دەسەڵات لە داخوازی وناڕەزایەتیەکانی خوێندکاران چ تاییەت بەمافەکانی خۆیان بێت یان مەسەلەسیاسی وچارەنووس سازەکانی خەڵکی کوردستان ئاماژەی هەنگاونانە بەرەوشانسی دیموکراسی , گرەوی بردنەوەو سەرکەوتنی هەر ڕێکخراو وڕەوتێکی سیاسی بەپشتگیری کردن لەناڕەزایەتیەکانی خوێندکاران و وەڵام بەخواستەکانیان مسۆگەرتر دەبێت ,,